تەمەتباری شکاندنی کەلی گۆڕی کریستیانەکان ئاشکرا کرا

ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم لەبارەی شکاندن و شێواندنی کەلی گۆڕستانی کریستیانەکان لە شەقڵاوا و دانپێدانانی ئەو تەمەتبارەی کە بەو کردەوەیە هەستاوە و دەشڵێت، "لەژێر کاریگەری خواردنەوەی کحولیدا ئەو کارەی کردووە".

ئەمڕۆ چوارشەممە ١٧ـی کانونی یەکەمی ٢٠٢٥، بەگوێرەی راگەیەندراوێکی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم ، توانیان ناسنامەی ئەنجامدەری شکاندن و شێواندنی کەلی گۆڕەکانی کریستیانەکانی شەقڵاوە ئاشکرا بکەن و لەسەر فەرمانی دادوەر دەستگیرکرا.

ئاماژەی بەوەشکردووە، تەمەتبار دانی بەتاوانەکەیدا ناوە لەژێر کاریگەریی خواردنەوە کحولییەکان ئەم کردەوەیەی ئەنجامداوە.

باسی لەوەشکردوە، تەمەتبارەکە لە ساڵی ٢٠٢٢ بە تەمەتی سوتاندنی مەرقەدێك لە ناو بازاڕی هەولێر دەستگیرکراوە و سزای یاسایی خۆی وەرگرتوە و پاشان ئازاد کراوە.

١٣ـی ئەم مانگە، ژمارەیەك لە کەلی گۆڕی کریستیانەکان لە شەڕاوە شۆڕندران و شکێندران و

پاش بۆ ئاوکردنەوەی وێنەکانیش، کاردانەوەی بەدوای خۆیدا هێنا.